# د. ئەحمەد موسەوی
# سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی عێراقی مافی مرۆڤ لە سوریا

**دیدار: کازیوە ساڵح – دیمەشق**

- سەرەتا سوپاسی جەنابت دەکەین کە ئەم هەلەت بۆ رەخساندین.
- سوپاس بۆ بەسەرکردنەوەی ئێوەش.

پ/ بەو سیفەتەی بەڕێزتان سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی عێراقی مافی مرۆڤن لە سوریا، پێمان خۆشە شتێک دەربارەی چۆنیەتی کارەکانتان و مافی هاولاتیانی عێراقی لەلای ئێوە بزانین؟

و/ کۆمەڵەکەمان لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، کۆمەڵی ئامانجی دیاری کراوی خۆی هەیە، لەو ئامانجانە: بەرگری کردن لە هاولاتیانی عێراقی و تەزکیە بۆ کردن و پێشکەش کردنی بروانامە بۆ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و شوێنانی تر کە پێویستیان پێیەتی جگە لەوەی لەبواری ڕاگەیاندندا هەڵدەستێت بە دەرخستنی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەعێراق و تاوانەکانی ڕژێمی بەغداو تاوتوی کردن و قسە لەسەرکردنی لەگەل ڕێکخراوە نەتەوەیی و دەولیەکانی مافی مرۆڤ بۆ چارەسەرکردن و بەدوادا چوونی.

پ/ باسی ڕاگەیاندنت کرد، لەڕووی بلاوکردنەوەو ڕاگەیاندنەوە کۆمەڵەکەتان چ چالاکیەکی هەیەو چی بلاودەکاتەوە؟

و/ کۆمەڵەکەمان لەسەرەتای دروست بونیەوە ١٧ی کانونی دووەمی **١٩٩٦** پاش دوو مانگ ژمارەیەکی (دەنگی مرۆڤی) دەرکرد، هەتا ئێستاش دوو مانگ جارێک دەردەچێت و لە هەموو بۆنەکاندا بەیاننامەی خۆی هەیە، هەروەها سی ژمارەی گۆڤاری عێراقی بۆ (مافی مرۆڤ) ی دەرکردوە کە بایەخ بە لێکۆڵینەوەو بەڵگەنامە دەدات لەسەر مافی مرۆڤ و پێشێلکاریەکانی ڕژێم، لە گۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵەکەشەوە. دەستەی بەڕێوەبردن ڕاپۆرتێکی وەرزی لەسەر پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤی عێراقی دەردەکات و تا ئێستاش بەردەوامە.

پ/ ئایا ئەو بلاوکراوانەتان لەسەرجەم نیشتمانی عەرەبی، یان شوێنانی دیدا بلاودەبێتەوە یان تەنها لە سوریادا بلاودەبێتەوە؟

و/ لەڕاستیدا نەخێر، کۆمەڵەکەمان پەیوەندی باشی لەگەل ڕێکخراوەکانی تری مافی مرۆڤ دا هەیە، جگە لەو ڕێکخراوانەی داکۆکی لە مافی هاولاتیانی عێراقی دەکەن و هەروەها ڕێکخراوی عەفوی دەولی و ڕێکخراوی چاودێری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و فیدرالی دەولی و خوازیاریشین پەیوەندیەکانمان زیاتر بکەین. پاش ئەوەی بەو دواییە توانیمان بین بە خاوەنی کۆمپیوتەرو خەتی ئینتەرنێت.

پ/ ئایا ئەو بلاوکراوانە کاریگەری پێویستی هەیە بۆ ناساندنی پێشێلکاریەکان و تاوانەکانی ڕژێمی بەغدا بەخەڵک؟

و/ ئەگەر بەشێوەیەکی بەرفراوان تر بلاوببوایەتەوە، بەڵی کاریگەری باشی دەبوو، بەلام لە ئێستادا کەمتر بلاودەکرێتەوە، تا ڕادەیەکیش کاریگەری باشە.

پ/ کێ بەرپرسە لە هاوکاری کردنتان لە ڕووی داراییەوە؟

و/ شوکور کۆمەڵەکەمان لە دامەزراندنیەوە هەتا ئێستا کێشەی مادیمان نیە، بەشێوەیەکی سەرەکیش متمانە دەخەینە سەر فرۆشتنی بلاوکراوەکانی کۆمەڵە، کە نامیلکە لەسەر پێشێلکاریەکانی مافی

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

مـرۆڤ دەردەکـات، لـە فرۆشـتنیدا قـازانج دەکـەین، بـۆ ئـەوەی بـتوانین گـۆڤارو بڵاوکـراوەکان دەربکەیـنەوە، ئیتـر هـەنـدی مەسـروفی کـەم نەبـێت کـۆمەڵەکە پێویسـتی مـادی نـیە، چـونکە بـنکەی سـەربەخۆمان نیەو لێرەماڵی عێراقی (البیت العراقی) جێگایان کردووینەتەوە کە مەکتەبێکی بچوکمان هەیـە لـەو بیـنایەداو کرێیّ خانوو نادەین، ئەوانەش کاری تێدا دەکەن بەرامبەر پارە نیە، لەبەر ئەوە مەسـروفاتمان کەمـە، جگـە لەوانەش یارمەتیمان لەلایەن هەندی حزبی عێراقی، کەسایەتی و خەڵکانی ماف دۆستەوە بۆ دێت.

پ/ بـەڕای جەنابـتان مەسـەلەی مـافی مـرۆڤ لـە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا گەیشـتۆتە ئاسـتی پێویست، یان ئاستێک شایانی ناوهێنان بێت؟

و/ لەڕاسـتیدا بابەتی مافی مرۆڤ شتێکی نوی یەو باس لە مەسەلەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ تەنها نیو سـەدەیە دەخـرێتە ڕوو بـاس دەکـرێت، بـۆیە هـەتا ئێسـتا عەقڵـی هـاوڵاتی عـەرەبی و عێراقـی بـە شـێوەیەکی شـیاوی ڕۆشـنبیری مـافی مرۆڤـی وەرنەگـرتوە، بـۆیە پێویسـتە لەسـەر کۆمەڵەکانی مافی مـرۆڤ کـە چـالاکیەکانیان چـڕ بکەنـەوە بـۆ پێناسـەکردنی مافی مرۆڤ بۆ هاوڵاتیان و بڵاوکردنەوەی ڕۆشـنبیری مـافی مـرۆڤ و بەڵگەنامـەکان، بڵاوکـردنەوەی زانسـتی مـافی مـرۆڤ، کـۆمەڵەکەمان بـەو دوایـە ئـەو ڕۆڵـە دەبـینی و دوا نامیلکەش لەسەر مافی مرۆڤ تێدایە، ئەوەش بەشداربونێکی ساکارە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری مافی مرۆڤ لەناو هاوڵاتیاندا.

پ/ چـۆن لەگـەڵ مەکـتەبەکانی تـری مـافی مـرۆڤدا هاوکـاری یەکتـر دەکـەن لـە نیشـتمانی عـەرەبی و دەرەوەدا؟

و/ سـەبارەت بـە هاوکاری کردنمان، پەیوەندی باشمان لەگەل زۆر لایەنی عێراقی و دەولی هەیە، بابەت و بڵاوکراوەکان دەگۆڕینەوەو زانیاری دەدەین بە یەکتری.

پ/ ئەوەنـدەی ئاگـادارین پەیوەندیـتان لەگـەل کـۆمەڵەکانی مافی مرۆڤدا لە کوردستان وەکو جاران نیە، بـەڕای جەنابـتان کـام ڕێگەیـە شـیاوە بـۆ دۆزینـەوەی سـیغەیەکی پەیـوەندی بـەردەوام بـە تایبـەت کە ئێسـتا کوردسـتان لەگـەل ئـەوەی دەولـەت نـیە، سـێهەم شوێنە دوای مەغریب و تونس وەزارەتی مافی مرۆڤی تێدایە، جگە لە مەکتەبی مافی مرۆڤ؟.

و/ پەیـوەندیمان لەگـەڵ کـۆمەڵەکانی مـافی مرۆڤـی کوردسـتان زۆر بـاش بـوو، پـێش دامەزرانـدنی ئـەم کـۆمەڵەیەش، لیژنەیەکـی مـافی مرۆڤـی عێراقـی هەبـوو من سەرۆکی بووم، لەوکاتەدا زیاتر لە دەجار چـوومەتە کوردسـتان و بەرپرسـانی مـافی مـرۆڤ و کـۆمەڵەکانی مافی مرۆڤم لە کوردستاندا بینی و هەنـدی شـتم بـۆ ئەرشـیف دانی، بـەڵام بەداخـەوە هەرچـەند ئێسـتا کـاتی ئـەو قسـانە نـیە، چـونکە پەیـوەندی نێوانـیان باش بووە، بەڵام شەڕی ناوخۆیی نێوان ئەو دوو حزبەو پەیوەندی 50 بە 50 ی نێوانـیان وای کـرد ئـەو کـۆمەڵانەو پەیـوندی گـرتن لەگەڵـیاندا بچـێتە پەراوێـزەوە، دەنـا کـاتی خـۆی ڕێکخـراوی مـافی مـرۆڤ لـە کوردسـتان فەرعـی لـە سـلێمانی و هەولێـر و دهـۆک هەبـوو، خوازیارین تێـڕوانینی نـوێ هـەبێ بـۆ سیاسـەتی کارکردن لەو بوارەداو لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیمان باشە بەڵام خوازیارم باشتربێت، وەکو جاران و زیاتریش.

پ/ ئـەی دەتـوانن چ هاوکاریەکـی مەعـنەوی و ڕۆشـنبیری، ئەوانـە بکەن کە لە مافی مرۆڤدا چالاک بوون، بەتایبەت کە ئێرە کۆمەڵی خەڵکی زۆری پەناهەندەی تێدایە؟

و/ لـەڕووی مەعنەویەوە ئێمە هەموومان وەکو یەکین و ئێمە هیچی وامان پی ناکرێت، بەڵام لە ڕووەکانی تـرەوە، هـەر هاوڵاتێکی عێراقی بێتەلامان بـۆ ئـیش و کارەکـانی ئێمە هاوکاری دەکەین و کۆمەڵەش

www.kurdistanet.org

لەخزمەتی هاولاتیانی عیراقیدایە. ئیتر باروودۆخ و نەتەوەو ئینتمای هەرچی بێت، ئێمە ئامادەین هاوکاری بکەین.

پ/ وەکو دەزانین کوردستان وەزارەتی مافی مرۆڤ و مەکتەبی مافی مرۆڤی تێدایە، بیرۆکەی ئەوەیان هەبوو کە پەیمانگایەک بکەنەوە بۆ پێگەیاندنی کادری چالاک لەوبوارەدا بەشێوەیەکی زانستی مامەڵە لەگەڵ ئەو مەسەلانە بکات، بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە بتوانن کار بکەن و هەروەها لێکۆڵینەوەی مەیدانی و دیموکراسەکردنی پەیوەندیە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوریەکان لەناوچە رزگارکراوەکان و عیراقدا بەگشتی بکەن، بەڕای ئێوە لە ئێستادا کردنەوەی ئەو جۆرە پەیمانگا تا چەند شیاوو پێویستە و مێتۆدی زانستیان چۆن بێت باشە؟

و/ لەو سەردانانەم بۆ کوردستانم کردو ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەل لێپرسراوانی مەکتەبەکانی مافی مرۆڤدا کردم، تێگەیشتم هەمیشە هەوڵ دەدەن کە بە شێوەیەکی قول بچنە ناو ئەو مەسەلەیەوەو زانستیانە کادرەکانیان فێربکەن، رۆشنبیری مافی مرۆڤ بلاوبکەنەوە، چونکە کارکردن بۆ مافی مرۆڤ پێویستە بەسەربەخۆ سوود لە زانیاری خەڵکانی تر وەربگرن، ئێمەش ئامادەیی هەموو هاوکاریەکین، ئیتر بە پێدانی زانیاری بێت یان ناردنی بلاوکراوەکانمان بێت، یان هەر جۆرە یارمەتیەکی تر، کە بتوانین بەهۆی شوێنی نیشتەجێ بونمانەوە کە لە سوریاین و نزیکین لە بەیروتەوە کتێبیان بۆ بکرین و زانیاریان بدەینێ. ئەوە کارێکی پێویستە، هەموومان پێویستە پشتگیری کردنەوەی هەموو رێکخراوێکی ئەهلی بکەین.

پ/ ئەی کردنەوەی بەشێک لە زانکۆ یان پەیمانگا بە پێویست نازانیت؟

و/ لەڕاستیدا زۆر دەمێکە لە بلاوکراوەکانمدا دەنووسین و دەیخەینە روو کە پێویستە قۆناغەکانی خوێندن بابەتی مافی مرۆڤی تێدا بێت، ئەوەش شتێکی باشە.

ئەگەر پەیمانگا یان بەشی زانکۆ بکرێتەوە، ئەوەیان زۆرترین بایەخە ئێمەش زۆر خۆشحال بوین، کە لە کوردستاندا وەزیری مافی مرۆڤ دانراوەو وەزارەتی مافی مرۆڤ کراوەتەوە، هەر وەکو چۆن لە تونس و مەغریبدا کراوەتەوە.

پ/ ئێمە باس لە مافی مرۆڤ دەکەین، بەلام وەکو عیراقیەک دەزانین بە دەستی رژێمی بەغدا مافی مرۆڤ چۆن پێشێل دەکرێت، چی دەڵێن دەربارەی رژێمێک کە جۆرەها چەکی قەدەغەکراوی دەولی بەرامبەر گەلەکەی بەکاردەهێنێت؟

و/ ئاشکرایە رژێمی بەغدا چەندین ساڵە هاولاتیانی عیراق دەچەوسێنێتەوە، بەلام ئەو سیستمانەی پەیوەندیان لەگەل رژێمدا هەبووە هەمیشە ویستویانە ئەو وێنە قێزەونە ئاشکرا نەکەن و بەرژەوەندی نێو دەولەتی خراوەتە پێش بەرژەوەندی هاولاتیانەوە، بەلام دوای کارەساتی هەڵەبجە لە ١٩٩٨/٣/١٦ وە هیچ دەزگایەکی نێونەتەوەیی و مەکتەبەکانی مافی مرۆڤ هیچ لایەنێک نەیانتوانی ئەو تاوانە پڕ شەرمەزاری بشارنەوە، چونکە لەوێوە پێشێلکاریە درندانەکانی بە زنجیرە ئاشکرابوون وەکو ئەنفال و کاولکردنی گوندەکانی کوردستان و چەوساندنەوەی باکوری کوردستان و ئێستاش پاش ئەو روخانەی رژێم بەسەریداهات لەساڵی ١٩٩١وە تاوانەکانی پەڵەیەکی رەشترن بەناوچەوانیەوە، بەوەی لە کوردەکانی ناوچەکانی کەرکوک و ناوچە ئازادنەکراوەکان یان راپێچی زیندان دەکات، یان دەریان دەکات و لەسەر مال و ژیان و بەرژەوەندی خۆیان لایاندەبات لەگەڵ ئەوەی بریاری ٦٨٨ دەرچووە بەلام تاوانەکانی سەختربوون.

www.Kurdistanet.org کوردستانیت

پ/ کەواتە ئێستا ئەرکی حکومەتەکان و ڕێکخراوە مرۆییە ڕەسمی و ناڕەسمیەکان چییە بۆ دەرخستنی چارەنوسی ئەنفال و هەڵوێست وەرگرتن لە ڕژێمی بەغدا کە جینۆسایدی دژی کوردو هاولاٰتیانی دورگەکانی باشوورو کەمە نەتەوەیەکانی تر کرد؟.

و/ ڕۆڵی دەزگاو ڕێکخراوە مرۆییانەی باسی دەکەیت، پێک هێنانی هێزی فشارە، بۆسەر ڕژێمی بەغدا، بۆ دەرخستنی چارەنووسی ئەوانەو وەستانی تاوان بە دادگایی کردنی، ئەوەش هاوکاری و پەیوەندی بەهێزی نێوان سەرجەم ڕێکخراوە مرۆیی و دەوڵەتیەکانی دەوێت بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان لەوێوە دادگایەکی دەوڵەتی دابمەزرێ بۆ دادگایی کردنی لەسەر سەرجەم تاوانەکانی ئیتر هەڵەبجە بێت، یان ئەنفال و تاوانی تەرحیل و تەبعیس و...تاد بێت، گرنگ ئەوەیە ئەو فشارە دروست بکرێت.

پ/ وەکو دەزانین گفتوگۆی زۆر هەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوە لەنێوان ڕێکخراوە مرۆییەکان و نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەڕای ئێوە ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان چی یە، دەتوانی چارەنووسی قوربانیەکان ئاشکرا بکات؟ بۆچی هەتا ئێستا دادگایی ڕژێمی بەغدای نەکردوە؟

و/ ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان پەرش و بلاٰوە، چونکە نەتەوەیەکگرتووەکان کۆمەڵی دەزگای هەیە، یان دەستەی هەیە، یان کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش و دەزگاکانی ترن، بەلاٰم گرنگترین دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجومەنی ئاسایشی دەولییە، ئەویش ئالیەتی خۆی هەیە لەکارکردندا. کەپێک هاتوون لە پازدە ئەندام و پێنج یەدەکیش، ئەفسوس زۆر جار بەرژەوەندی دەوڵەتی کاریگەری دەبێت لەسەر کارەکانیان، بۆ نموونە فەرەنسا و ئەڵمانیا، بەتایبەت فەرەنساش جەختی لەسەر دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨) کرد، و داوای دادگایی کردنی ێدامی کرد، بەلاٰم دوایی پاشەکشەی کرد لەو داواکاریانەی لەپێناوی بەرژەوەندی نێودەوڵەتیدا، بەلاٰم ئێستا هەوڵی ئەوە دەدرێت بۆ ئاشکراکردنی سەرجەم تاوانەکان کە چەندین تەن بەڵگەنامە لەبەردەستا هەیە، لە ڕاپەڕینی **١٩٩١** بەدەست کەوتون خراونەتە بەردەست دەزگا بەرپرسە ئەمریکیەکان و هەموو تاوانکاریەکان بە بەڵگەوە دەردەکەون، ئەو بەڵگانەش بەنیازی ئەوە پیاچوونەوەی دەکری کە بدرێتە دادگای نێودەوڵەتی و ئەوانەش کەم نین بۆ دادگایی کردنی، ئەگەر بەچاوێکی دادپەروەرانە سەیری مەسەلەکان بکرێت، هەروەها ئێمەش لەگەلڕ زۆر ڕێکخراوی تردا هەوڵی دروست کردنی هێزی فشار دەدەین، خوازیارین لە داهاتویەکی نزیکدا بڕیاری دامەزراندنی ئەو دادگایە بدرێت و بۆ دادگایی کردنی ڕژێم و بەرگری کردن لە مافە ڕەواکانی گەلی عێراق، چونکە تاوانەکانی ڕژێم لەوە دەرچوون گوزارشتیان لێ بکرێت.

پ/ کاتی مەبەستی فشار خستنە سەری بەو شێوەیەمان هەبێت، پێویستە ڕاگەیاندنی عەرەبی بخەینە پال خۆمان، بەلاٰم ئەگەر تێبینیتان کردبێت هەمیشە ڕاگەیاندنی عەرەبی هەولڕ دەدات وێنەی ێدام بەشێوەیەک بۆ جیهان و کۆمەلاٰنی عەرەبیش بخاتە ڕوو، کە خاوەنی سیستمێکە توانای بەڕێوەبردنی وولاٰتی هەیە، پێت وانیە ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە خزمەتی مەسەلەی مافی مرۆڤ ناکات و کاریگەری خراپیشی هەیە لەسەری؟

و/ لە ڕاستیدا ئێمە وەکو ڕێکخراوی مافی مرۆڤ دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی عێراق عەیب داربووەو ناتوانین گرەو لەسەر ڕاگەیاندنی ڕەسمی بکەین بەشێوەیەکی گشتی نەک تەنها ڕاگەیاندنی عەرەبی، چونکە ڕاگەیاندنە ڕەسمیەکان بەپێی بەرژەوەندی سیاسی ولاٰتەکەیان مامەڵە دەکەن، ئێمە دەبی گرەو لەسەر ڕاگەیاندنە نارەسمی و ئەهلیەکان و ئەو ڕێکخراوو دەزگانە بکەین

www.kurdistannet.org

کە وەکو خۆمانن، نەک ڕاگەیاندنی ڕەسمی عەرەبی کە لە ڕاستیدا ئێستا لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەییشدا ڕۆڵیان زۆر دیاری کراوەو بایەخیان پێ نادرێت.

پ/ کەواتە چۆن دەڕواننە ئەوانەی کە مامەڵە لە عێراقدا دەکەن بەبێ ئەوەی جیاوازی نێوان ڕژێمی دەسەلاتدار و گەلی عێراق بکەن؟

و/ بێگومان خەڵکانێک یان لایەن هەیە لەسەر بەرژەوەندی حسابیان بۆ دەکرێت، وەکو لە زانستی سیاسەتدا پێی دەڵێن ( (دۆب العراقی) ) یان ئەوانەی ئینتمایان بۆ یدام حسین هەیە، ئەوەش شتێکی ئاساییە، بەلام ئێمە پێمان وایە ئەو خەڵکە کەمەش کە پەردەیان بەسەر گلێنەیاندا هێناوەتەوە بەو زوە ئەو پەردەیە دەدڕێت، و ڕاستیەکان دەبینرێن، چونکە ئەو ڕژێمە شیاوی ئەوەنیە سەردارو دەسەلاتداری عێراق بێت، سیستمێک هەموو هەوڵی بۆ لەناوبردن و سزادانی خەڵکەکەی بێت و بەهۆیەوە ڕێژەی مردن و لەناوبردن بگاتە بەرزترین ئاست، لە هاوکێشەی دادوەریدا جێگای نابێتەوەو شیاوی ئەوەنیە سەرکردەی عێراق بێت، ئێمە ئومێدیشمان بەوە هەیە بەو زووانە ئەو ڕاستیانە بۆ هەموولا دەربکەوێت، ئەگەر لایەکیش چاوپۆشی لێکردبێت بە ئەمری واقع.

پ/ ئێوە پێتان باشە فشاری سەربازی و سیاسی لەسەر ڕژێم توند بکرێت و ئابلۆقەی ئابوری لەسەر هاولاتیان لابچێت؟

و/ فشاری سیاسی بخرێتە سەر ئەمەیان بەڵێ پێویستە چونکە وەکو پێشتر گوتم ئەو سیستمە شیاوی دەسەلاتداری نیە، بەلام فشاری سەربازی ئەگەر زیانی بەهاولاتیانی عێراق نەگەیاندو هۆکارێک بێت لە هۆکارەکانی فشار باشە، بەلام هەمیشە هاولاتیان لەو مەسەلەیەدا قوربانی بوون، بەلام فشاری سیاسی هۆکارێکی باشە بۆ گوشینی ئەو ڕژێمە و کەم کردنەوەی ڕۆڵی لەنێوان دەولەتان و ئەنجومەنی ئاسایشی گشتی، لەپێناوی بەرژەوەندی هاولاتیاندا.

پ/ئەی لەم ساتەی ئێستادا چی بکرێ و کۆمەلانی نێودەولەتی و ڕێکخراوە مرۆیەکان و خەلک بەتایبەتی خەلکی عێراقی چ هەلۆیستێکیان هەبێت بەرامبەر مەسەلەکەیان باشە؟

و/ ڕێکخراوە دەولەتیەکان و چاودێرە نێودەولەتیەکان تا رادەیەک هەلۆیستیان جێگیر بووەو یەک هەلۆیستە، جاری لەمیانەی ئەو ڕاپۆرتانەوە کە دەری دەکەن، دەریانخستوە کە پێشێلکاری هەیە، دوا ڕاپۆرتی ڕێکخراوی عفوی دوەلیش زۆر وێنەی پێشێلکاری و چەوسانەوەی دەرخستووە، هەروەها زۆر لە ڕێکخراوەکانی تریش، هەموویان هەڵسەنگاندنێکی ڕوون و ئاشکرا و جێگیریان هەیەو ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی حکومەتی عێراقی نارەحەت کردوە، چونکە لەو سەرچاوانەوە وەرگیراون کە زانیاری وردیان لایە، بەلام هەندی دەولەتی تر کە بەرژەوەندی تایبەت لەنێوانیاندا هەیە، بەلام پێویستە ئێمە وەکو موعارەزەی عێراقی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی عێراقی و بێگانە، تەنانەت ئەو هاولاتیە عێراقیانەی لە دەرەوەدەژین و ئێستا زانیویانە هەلۆیستی نەتەوەیەکگرتوەکان جێگیرە پێویستە بەهەموومان فشار دروست بکەین لە میانەی بەلگەنامەکان و ڕاپۆرت و بروانامە زیندوەکانەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی بۆ دادگایی کردنی یدام و هەندی لە یاوەرانی کە بەرامبەر بە گەلی عێراق و یاسا نێودەولەتی و مرۆییەکان تاوانبارن. بکرێن بە نموونە بۆ هەر حکومەتێکی تری دیکتاتۆر.

پ/پێتان وانیە ڕاگەیاندنی ئێمە بەگشتی و سەرجەم ڕێکخراوە عێراقیەکان لە دەرەوە و ناوەوەی عێراق بە کوردستانیشەوە لاوازن لەپێناسەکردنی تاوانی یدام و کەسایەتی یدام بۆ جیهان و بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتیش؟

www.kurdistannet.org

و/ ڕاستە، چونکە توانای ئەو لایەن و حزب و ڕێکخراوانە لە ئاستی توانای ڕژێمدا نیە کە هەمیشە هەوڵی پەردەپۆش کردنی تاوانەکانی دەدات، توانایی ڕژێم بێ سنورەو پارەی زۆر لە ڕاگەیاندندا بۆ خۆی سەرف دەکات و ئێستاش لەبری پارە نەوت دەدات بە هەندی لەو شوێن و کەسایەتیانەی کە پشتگیری ێدام دەکەن، ئەوەش وادەکات بۆ ڕاگەیاندنی ئەوی پی ڕەت نەکرێتەوە، بەلاّم پێویستە ئێمە ئومێدمان بەو دیموکراسیەتە هەبێت کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە، ڕاگەیاندنی کوردستان و توانای کوردستان هەموو بخرێتە کار بۆ دابەشکردنی گوتاری سیاسی و مرۆیمان لەپێناوی ئەو هاولاّتیانەی لەو زیندانە گەورەیەدا دەژین کەناوی عێراقە.

پ/لەدوایدا دەپرسین ئایە جگە لە هاولاّتیانی عێراقی، هاولاّتیانی* بێگانە دێنە لاتان بۆ ئەوەی ئێوە بەرگری لی بکەن، بەتایبەت کە سوریا مەکتەبی مافی مرۆڤی تێدانییە؟

و/ لە ڕاستیدا نەخێر، لەگەلڕ ئەوەی مەسەلەی مافی مرۆڤ شتێک نیە دابەش بکرێت، ئێمە بە شێوەیەکی گشتی بایەخ بەهاولاّتیانی عێراقی دەدەین، هەندێ جار لە هەوال و ڕاپۆرتەکاندا بایەخ بەلایەنەکانی تریش دەدەین، بەلاّم وەکو کاری تایبەت بەتایبەتیش بەکاروباری عێراقیەکان، چونکە ئێمە هەروەکو لە ناوەکەشماندا هاتوە، کۆمەڵەیەکی عێراقین بۆ مافی مرۆڤ.

پ/ لەکۆتایدا شتێکتان هەیە بە خوێنەرانی گۆڤاری پەیامی مرۆڤایەتی بلێّن؟

و/ خوازیارین بەڕاو بۆچون و تێبینیەکانیان هاوکاریمان بکەن، هەروەها بەناردنی ژمارەکانی گۆڤارەکەشیان، چونکە گۆڤارەکە تایبەتە بە ڕێکخراوەکەو، لەراستیدا ئێمە ڕاپۆرتی دارایی سالاّنەمان هەیە لە کۆنگرەی سالاّنەشدا هەموو نەسریەیەکی هاتوو ڕۆشتو دەخرێتە ڕوو، بۆیە خوازیارین هاوکاری بکرێن لەڕووی مادییەوە، ئەو داوایەش لە گەلەکەی خۆمان و حزب و لایەنە سیاسیەکانی خۆمان دەکەین کە هاوکاری بێمەرجی کۆمەڵەکەمان بکەن.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت